# هەڵوەستەیەک لەگەڵ مەشخەڵی کەرکووک

سیروان کاروانی

**ڕەبی موی لێ بێ زبانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ**
**هەر کەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ!** (حەمدی)

ئاشکرایە کە شاری کەرکووک نرخ و سیما و گرینگیمەندییەکی تایبەتیی خۆی هەیە لە هەموو کوردستان و لای هەموو خەڵکەکەی. ڕەنگبێ کەم کورد هەبێت نەزانێت کەرکووک چ مانایەکی بۆ خەڵکی کوردستان تێدایە و کام واتای سوودمەند دەبەخشێت. ئەم شارە کەونارایە، جگە لە دەرامەتی مەزنی، هەردەم لانکەی مرۆڤایەتیش بووە و لە لایەنی جوگرافیشەوە تا ئێستا زۆر شوێنی مێژوویی و شارستانیی تێدا بەدیکراوە، ئەشکەوتی (هەزارمێرد) کە لە شارۆچکەی چەمچەماڵەوە نزیکە، یەکێکە لەو شوێنانەی کە ئاسەواری مرۆڤی زۆر کۆنی لێ بەدیکراوە، ئەم ئەشکەوتە لەگەڵ دێی (چەرموو) گرنگترین بەڵگەن بۆ دێرینی هەموو ناوچەکە.

بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، ئەم شارە کوردیبوون و کوردستانیبوونی خۆی سەلماندووە. لە لایەکی ترەوە ئەو زوڵم و زۆری و ئاکارە نامرۆڤانانەی ئەم شارە دڵگیرەی کوردەوارییە لە ژیانی داگیرکراویی بەخۆوەی بینیوە لە ڕاونانی ماڵەکوردەکان و داگیرکردنی ماڵەکانیان، بەعەرەبکردن، بەخورتی پێناسەی کەسایەتی پێگۆڕین، سووتماک و فەوتاندنی شوێنەوارە کوردییەکان، لە زۆر شوێن قەدەغەکردنی پۆشینی جلوبەرگی کوردی، بەزۆری ڕاونانی ئەو خانەوادانەی کوڕەکانیان لە شارێکی تری کوردنشین یاخود دێهاتەکان کار دەکەن و گۆڕینی ناوی قوتابخانە و مۆزەخانە کوردییەکان بۆ ناوی عەرەبی و وەکوو: گەڕەکی (ڕەحیم ئاوا) بۆ (ئەندەلوس) و دێی (سەرگەڕان) بۆ (قودس) و قوتابخانەی (ئاسۆ) بۆ (تەلیعە) و ئامادەیی (کوردستان) بۆ (عەبدولمەلیک بن مەروان) و چەندین گەڕەک، خوێندگا، دێ و شوێنی تر و تەنانەت خودی شارەکەش لە (کەرکووک)ەوە بۆ (التأميم). جگە لەمانە دروستکردنی چەندبن گەڕەکی عەرەب وەکوو: (البعث)، (واسط)، (دور السكك)، (الاشتراكية)، (غرناطة)، (وحدة)، (حرية)، (العروبة)، (الحجاج) و (قوطيبة). ئەمانە و زۆر شتی تریش کە لە باسکردن نایەن و هیچ سنوورێک نییە بۆیان دابنرێت، بۆیە دەرکپێکردنیان هێندە سەخت نییە. ئەم جۆرە پیلانانەی کە ئەم شارە بەخۆیەوەی دیوە، بووەتە مێژوویەک چونکە هەر لە کۆنەوە هەوڵی کەمکردنەوەی کوردەکان لە شارەکەدا دراوە، بەڵام ئەم پیلانانەی ئێستا کە لەسەر دەستی ئەو میرییەی لەوەتەی جڵەوی فەرمانڕەوایی عێراقی گرتووەتە دەست پەیڕەو دەکرێ، لە شێوەی بەرنامەیەکی ستراتیژی درێژخایەن و زۆر توندتر بووە، هەروەها بەزۆر شێوەی جۆراوجۆر و بەپێی هەلومەرجی سیاسی خۆی جێبەجێی کردووە، بەو پێیە کارێکی وای کردووە کە دەیان و سەدان هەزار کوردی لەو شارە ڕاگوێزاوە و لە

شوێنەکانیان خێڵە عەرەبەکانی خوارووی عێراق و بەوەوەش نەوەستاوە کە عەرەبی وڵاتە عەرەبییەکانی تریشی تێدا نیشتەجێ کردووە، لە پێناوی سەرخستنی پیلانەکەیدا کار و پیشەی بۆ پەیداکردوون و مووچەی بۆ دابین کردوون. ئەمە لە کاتێکدا کە تازەترین و ترسناکترین پیلانی دژ بەم شارە دێرینەی کوردەوارییە لە گۆڕێدایە بەوەی کەوا بەشێک لە فەلەستینییەکان لە خودی شارەکە (کەرکووک) و ناوچەکانی سەر بەو نیشتەجێ بکەن.

شێوەی سەرەتاکانی تەعریب "کەرکووک"

| عەشیرەتە عەرەبەکان | ساڵی هاتنیان | ژمارەیان لە ئاماری ١٩٥٧ | بڕی ئەو زەوییانەی داگیریان کردووە |
|---|---|---|---|
| عوبید | ١٩٢٥-١٩٥٧ | ٥٠٠٠ | ٧٢ کم٢ |
| کضاء | ١٩٢٥-١٩٥٧ | ١٠٠٠ | ٥٠ کم٢ |
| هەموو | ١٩٢٥-١٩٥٧ | ٦٥٠٠ | ١٣٥ کم٢ |

لە قەزای دووبزدا، حکومەتی عێراق لە ساڵانی سییەکان و چلەکاندا ٢١٩٣ کەس لە عەشیرەتەکانی (ئەلبەحەمدان و ئەلبەسماق)ی هێنایە ناوچەی ئەم قەزایە، ئەمانە لە چەندین دێدا لەسەر زێی گچکە نیشتەجێ کران و بڕی ٩٥٥٠٠ دۆنم زەوییان بەخۆڕایی بەسەردا دابەش کرا.

نزیکەی ٢ قەزا و ٦ ناحیە سەر بە کەرکووک بوون. ڕژێم هەستا هەندێک لە دێهاتەکانی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپەی هەولێری وەکوو چۆمەزەردەرەی سەروو و خواروو، قوشتەپە، قەرەباشی و هەندێکی تر کە لە سنووری حوکمی زاتی بوون خستنیە سەر شاری کەرکووک. ئەمە ڕژێم بەو مەبەستەی بوو کە سنووری حوکمی زاتی تەسک بکاتەوە.

کەرکووک هەر لە مێژەوە جێی گەشەسەندنی بیری سیاسیش بووە و سەرتاسەری کوردستان دڵیان پێ خۆشبووە و جێگای متمانەی هەموو بیروبۆچوونێکی کوردی و کوردیبوون بووە، چونکە لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی کورد دژی ڕژێمە داگیرکەرەکانی ئەم بەشەی نیشتمان، هەمیشە دروشمی ڕاستەقینە و ئامانجی سیاسی سەرەکی بزاڤی ڕزگاریخوازی جوڵانەوەکانی یەک لەدوای یەکی کورد بووە. شارۆچکە و لادێکانی لانکەی حەوانەوەی پێشمەرگەی کورد و هەستی شۆڕشگێڕی سەرکردەکانی بووە، هەڵمەتی ڕزگارکردنی شاری کەرکووک لەلایەن کوردەکانی خەڵکی شارەکە و بە پشتیوانی خەڵکی شارەکانی تری کوردستان بۆ یەکەمین جار

له ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ بەڵگەیەکی بەجێیە بۆ کوردە دڵسۆزەکانی شارەکە و لە هەمان کاتدا پوکانەوەی خەونی شۆڤینیستەکان بوو کە لە هەوڵدان بوون بۆ سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی شارەکە. بۆیە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ناوچەکانی لە شاخاوی و شوێنی عاسی بەدوورن، کەچی زۆر شەڕی گەورەی لەگەڵ داگیرکەران لێ کراوە وەکوو: شەڕی بەناوبانگی (ئاوباریک)* کە لە ساڵی ١٩٣١ دا شێخی نەمر "شێخ مەحموود" و پەنجا کەس لە هاوڕێیانی لەلایەن فەوجێ سەرباز و حەوسەد پۆلیسی دوژمن ئابلۆقە دەدرێن و لە ئەنجامدا شەڕێکی گەورە لە نێوانیاندا بەرپا دەبێ. شێخ مەحمود و هاوڕێیانی ئەو لەشکرە زۆرەی دوژمن تارومار دەکەن و لەم شەڕەدا نەبەردێکی گەورە لە مێژووی کورددا تۆمار دەکەن. شایانی باسە (حەمدی ١٨٧٦-١٩٣٦)ی شاعیری لە ئەدەب پایەبەرزی کورد بە ٢٨ شیعر ئەو داستانە دەگێڕێتەوە و سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

ئەی وەتەن لوتفا تەواوی کە، وقوعاتی میلەل

ئەم مەراقە با نەکا بو ئاخری نەشری عیلەل

بەم شێوەیە کۆتاییی پێ دێنێ:

(ڕەبی موی لێ بێ زبانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ

هەر کەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ!)

لە ڕووی دانیشتوانەوە ڕژێم زۆر ئاڵوگۆڕی بەم شارە کردووە، بەردەوام لێی زیاد و کەم کردووە. لە کاتی سەرژمێریاری هەوڵی داوە کوردەکان بە عەرەب بنووسێ و عەرەبە کۆچەرەکان بە خەڵکی کۆنی نیشتەجێی شارەکە بنووسێت. کەرکووک ڕووبەرەکەی ١٠٢٨٢ کچگ دەبێت و ژمارەی دانیشتوانەکەی ٦٠١٢١٩ کەسە. هەر ٥٤ کەس لە ١ کچگ دەژین. ئەم ژمارەیە سەرەتای ساڵەکانی هەشتاکان دەگرێتەوە، هەڵبەتە ئێستا بەهۆی تێکدان و سووتماککردنی دێهاتەکانەوە خەڵکێکی زۆر بەناچاری ڕووی لەناو شار کردووە و ژمارەی دانیشتوانەکەی بەڕادەیەکی زۆر بەرز بۆتەوە کە دەستنیشانکردنی ئاسان نییە.

لە دەوروبوری شاری کەرکووک چەندەها بیرەنەوتی لێیە، بەڵام گەورەترینیان (باوەگورگوڕ) و (بای حەسەن)نن. درێژایی و کەمەرەی بۆڕییەکانی نەوت هەر لە زیادبووندایە بۆ نموونە: بای حەسەن درێژییەکەی ٣٢ کیلۆمەترە و کەمەرەی بۆڕییەکانی ١٦ ئینج دەبێت، بێخمە- عین زالە درێژییەکەی ٢١٦ کم و کەمەرەی بۆڕییەکانی ١٢ ئینج دەبێت و جەمبوور درێژییەکەی ٥٨ کم و بۆڕییەکانی ٨/٦ ئینج دەبن(**(٢)**). دیارە هەر دەوڵەمەندی شارەکەیە وای کردووە کە هەندێک لە چاودێرە دبلۆماسی و سیاسییەکانی بیانی ئەم کێشەیە هەر بە کێشەی نێوان گەلی کورد و ڕژێمەداگیرکەرەکانی نەزانن. ئەوان لایان وایە کەرکووک موڵکی هەموو دونیایە و

کەسێک نابێ تەنها بە موڵکی خۆی بزانێ، دیارە ئەمەش هەر هۆیەکە لەو هۆیانەی کە کورد خاوەندارێتی موڵکومالەکەی خۆی نەکردووە.

ئەوەی لە هەمووان گرینگترە ئەوەیە کە گەلی کورد کەرکووکی لەبیر نەکردووە، بۆیە ئەم وشانە لە دڵ و دەروونی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە: (کەرکووک شاری ئاڵتوونی ڕەشە، کەرکووک جێگای باب و باپیرانە، کەرکووک بووکی کوردستانە، کەرکووک شاری کوردانە و کەرکووک قودسی کوردستانە).

٢٠٠١/١١/٠٤

(١) ئاوباریک دێیەکە لە پشتی (توزخورماتو) و (گل)ەوەی سەربە شاری کەرکووک.

(٢) ئاماری کوردستان، عەبدوڵلا غەفور لاپەڕە ١٤١ تێبینی: ئەم ئامارە ساڵانی هەشتاکان دەگرێتەوە.